بەتۆمەتی پاڵپشتیکردنی بەشار ئەسەد چەند کەسێک لەشاری حەلەب سوکایەتی بە هونەرمەندێکی میلی دەکەن



هونەرمەندی سوری عومەر خەیری لە چەند کاتژمێری ڕابردوودا لە سۆشیال میدیادا ترێندێکی زۆری کردووە، دوای ئەوەی گرتەیەکی ڤیدیۆیی بڵاوکرایەوە کە تێیدا دەردەکەوێت لەلایەن گروپێکی چەکدارەوە دەستدرێژی دەکرێتە سەر و لێی دەدرێت و قژ و سمێڵی دەتاشی.

بەتۆمەتی پاڵپشتیکردنی بەشار ئەسەد، چەند کەسێک لەشاری حەلەب سوکایەتی بە هونەرمەندێکی میلی سوری دەکەن و سەری دەتاشن، وەزارەتی ناوخۆش ئەو کارە سەرکۆنە دەکات.

نورەدین بابا، وەزیری ناوخۆی سوریا ئاماژەی بەوەکردووە، "بەهەموو جۆرێک سوکایەتیکردن بە هونەرمەند عومەر خەیری ئیدانە دەکەین و ئەو کارە هیچ پەیوەندییەکی بە لایەنە ئەمنییەکانەوە نییە

".

‏ئەوەشیخستەڕوو، "ڕوبەڕوی هەڵمەتێکی زۆری بەرنامە بۆداڕێژراو دەبین، کە ئامانجیان ناشرینکردنی وێنەی ئاسایشی گشتییە، بەڵام ئێمە بە شەفافی کاردەکەین ".

‏